


# پەیامی کۆمەڵە بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژن

- **بە هەمان شێوە کە بزاڤی ئازادیخوازی کوردستان بە بێ بەشداریی چالاکەنەی ژنان ناتوانێ رواڵەتێکی تەواو دێمۆکراتیك، یەکسانی خوازانە و موتەمەدینانەی ئەوڕۆیی بە خۆوە بگرێ، بزاڤی ژنانیش بە بێ پێوەندیەکی قووڵ لەگەڵ بزاڤی روو لە گەشەی خەڵکی ستەم لێکراو، لە بەدەست هێنانی پشتیوانییەکی جەماوەری و پێگەو شوێنی شیاوی خۆی بێبەش دەبێت.**

ئەگەر بەردی دەسەڵاتێکی ملهوڕی ئایینی و بناغەی رژیمێك لە سەر ئەساسی جیاوازی جنسی بە هێرشی درندانە و وەحشیانە بەرامبەر بە ژنان لە هەمان رۆژەکانی یەکەمی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێ کرد، ئێستاکە پاش دەورانێکی درێژماوە، بەشداری ژنان لە بوارە کۆمەڵایەتییەکان و پەرە سەندنی بزاڤی ژنان و خۆ دەرخستنی وەك بزاڤێکی بەرجەستەی کۆمەڵایەتی، مژدەی سست بوونی پایەکانی هارترین رژیمی هاوچەرخ ئەدا بە گوێماندا. ئەگەر بۆ رژیمی ئیسلامی تازە دامەزراو، سەرکوتی ژنان و بزاڤەکەیان، سەرەتای سەرکوتی شۆڕش، لێ ئەستاندنەوەی دەسکەوتەکانی مانگی رێبەندان و ئاتۆ گرتن لە جەماوەری خەڵك بوو، رزگار بوونی وردەوردەی ژنان لە قەید و بەندی رژیمی ئیسلامی و سەرکەش بوون لە بەرامبەر یاسای دواکەوتوانەی حاکم و خۆ دەرخستنی ئەم بزاڤە بە شێوەیەکی قورس و کاریگەر، مژدەی سەردەمێکی نوێ ئەدا. ئەگەر بە هێرش کردنە سەر ژنان، بە وەحشیگەرییەکی هەوسار پچڕاو بە دژی مافەکانی ژن، بە ئیعدام گەلێکی بێڕەحمانەی ژنانی سك پڕ و دایکانی بە ساڵاچوو و کچانی کەم تەمەن لە نێوخۆی ئێران و ناوچەکەدا، خۆی سەقامگیر کرد، بەڵام ئێستاکە داماوی و بێ توانایی رژیم لە بەرامبەر بەشداری هەر چی زیاتر و بەرینی ژناندایە کە ئەم رژیمەی چ لە نێوخۆ و چ لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا سست و بێ توانا کردووە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە دوو دەیەی رابردوودا بووە بە یەکێك لە دزێوترین رژیمە دەسەڵاتدارەکان، بە هۆی ئەو ئاکارە دژی ئینسانیانەوە بووە لە چەشنی دژایەتییەکی رووت و توندڕەوانە و بێ پەردە و سەقامگیر کردنی غەیرە ئینسانی ترین هەل و مەرج بۆ نیوەی کۆمەڵگایەکی ٧٠ میلیۆن کەسی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئیسلامی بوونەتە رۆخساری دزێوی دواکەوتوویی و بێڕەحمی لە جیهاندا، بە هۆی ئەو گوتار بێژییە شەرم هێنەرانەیانەوە بووە بە دژی ژنان و هەموو جۆرە کردەوەیەکی وەحشیانە بووە کە نە تەنیا

دیل بوونی ژنانی به دواوه بووه، بەڵکوو لەگەڵ خۆیدا کاریگەرییەکی زیانباری لە سەر پەروەردە و فێربوون، پێوەندییە خێزانییەکان، ئاستی ژیان و فەرهەنگی کۆمەڵگادا بە جێ هێشت.

سەرئەنجام ئەگەر تریشقەی ئۆمێدێك لە دڵی هەموو ڕێڕەوانی ڕێگای ئازادی، دێمۆکراسی، و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی دا ڕوواوە، بە هۆی بەشداریی چالاکانەی ژنان لە هەموو بوارە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و وەرزشییەوە بوو کە سەرەڕای باجێکی سەرسووڕ هێنەر کە دەسەڵاتی داگیرکەری مەزهەبی بۆ بە زنجیر کێشانی ژنان داویەتی.

ساڵهایە کە سیاسەتی دژە ژن بوونی کۆماری ئیسلامی ئەو کاراییەی خۆی لە دەست داوە. ئەو حاکمانەی کە بێشەرمانە بە شوێن ئەوەوە بوون ڕەسمییەت بدەن بە هاوسەرییەتی کچانی ٩ ساڵە، ئێستاکە لەگەڵ ڕێژەیەکی زۆر لە ژنانی ئازادیخواز بەرەوڕوون کە نایانهەوێ بە تەسلیم بوون لە بەرامبەر قەید و بەندە کۆنەکان، تواناییەکانیان سەرکوت بکرێ. حاکمییەتی ملهوڕی ئایینی وخاوەن دەسەڵات لە ئێران داماوانە لە بەرامبەر خواست، توانایی و ئیرادەی ژنان دا پاشەکشەی کردووە. دەسەڵاتدارانێك کە دەیانویست پاش حیجاب، مەقنەعە بە سەر ژناندا بسەپێنن، ئێستاکە بە باجێکی زۆر و ئامادەباشی هێزەکانیشانەوە، لە سەپاندنی حیجابی ئاساییش بێ توانان.

ڕۆژی فاتیمەی زەهرا تەنانەت لە نێو بەشە موتەعەسیبەکان و نزیکەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامیشدا لەبیر چووەتەوە و بانگەوازی ڕێ و ڕەسمەکانی ٨ی مارس لە پێتەختێکدا کە دەیان هەزار کەس بۆ مانەوەی حاکمییەتی ڕەشی ئیسلامی لە ئامادەباش دا بەسەر دەبەن، خەوی ئایەتوڵڵا کانی زڕاندووە.

مانەوەی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی و کردەوە زیانبارەکانی لە سەر فەرهەنگ، پێوەندییە خێزانییەکان، لە بەردەوامی و بەهێز کردنی پیاو سالاری و دژایەتی لەگەڵ ژناندا غەیری قابیلی ئینکارە. بەڵام کێ دەتوانێ حاشا لەوە بکا کە ژنانی ئەم سەردەمە لە کۆمەڵگای ئێراندا خاوەنی وەزنێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی زۆر بەهێزترن لە چاو ساڵانی سەردەمی شۆڕشی ١٣٥٧. بەم مانایە ئەتوانین بڵێین کە سیاسەتی دژە ژن بوونی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی شکستی خواردووە.

ئێرانی دێمۆکراتیك، فێدراڵ و عادڵانەی سبەی ڕۆژ، بە بێ بەشداری ژن لە باڵاترین ئۆرگانەکانی حاکمییەت و بڕیاردان دا و هەروەها گشت بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ناتەواو و پڕ کەم و کووڕی دەبێ.

پێوەندی نێوان بزاڤی ژنان و بزاڤی دێمۆکراسی خوازی و دژایەتی لەگەڵ هەر چەشنە سەرەڕۆییەك، ئەمرێکی گرینگی هەر جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و دێمۆکراتیك و عەداڵەت خوازانەیە.

لە کوردستان کە کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەمین ڕۆژەکانی هاتنە سەر کارییەوە بە سەرکوت و لشکرکێشی توانی سەقامگیر بێت، بزاڤی ژنان و بەشدارییان، گەلێك لایەنی فراوان و نوێی بە خۆوە گرت. ژنانی کورد شان بەشانی پیاوانی کورد بە هەموو توانایانەوە لە بەرامبەر لشکرکێشی و سەرەڕۆیی و ملهوڕی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا دەستیان دایە بەرخۆدان. لە بەندیخانەکان و لە پێی داری ئیعدام هەروەها لە

مەیدانی خەباتی شۆڕشگێڕانە و چەکدارانە بە دژی ڕژیم بێ باکانە ڕاوەستان و بوونە بەشێکی بەرچاو لە پێشڕەوانی بەرخۆدانێکی جەماوەری لە کوردستان.

بە هۆی ئەو ئاڵو گۆڕانەوە کە لە کۆمەڵگای کوردستان دا لە هەموو بارێکەوە ڕووی داوە، ژنانی کورد زیاتر لە جاران وەزنی کۆمەڵایەتی و سیاسی کاریگەر و غەیری قابیلی ئینکاریان بەدەست هێناوە. ڕادەی ژنانی خوێندەوار و ئاکادمیك، هەبوونی ڕێژەیەکی بەرچاو لەو کچانەی کە خوێندکاری زانکۆکانن، بەشداری ژنان لەبەشی سینەما، ڕۆژنامە وانی، ئەنجومەنە ئەدەبییەکان، زیاد کردنی شاعیران و ئەدیبانی ژن و بەدەست هێنانی پێگەی کۆمەڵایەتی ژنانی کورد، بزاڤی ئەوانی هەر چی زیاتر بردۆتە جێگا وشوێنێکی گرینگ و پڕبایەخ. کۆمەڵگای کوردستان، ئیتر ئەو کۆمەڵگا سوننەتی، سادە و پڕ لە قەید و بەندەی جاران نەماوە، بەڵکوو ئەم کۆمەڵگایە هەوڵ بۆ ئەوە ئەدا تا لە دنیای ئەوڕۆدا، لە هەزارەی سێهەم و لە سەردەمی ئەنفۆرماتیك دا جێگاو شوێنێکی قاییم و بە نفووز دەستەبەر بکات.

جێگا و شوێنی ئێستاکەی ژنان و بزاڤەکەیان بێ شك کاریگەری بووە لە سەر بزاڤی ئازادیخوازی، نەتەوەیی و دێمۆکراتیك لە کوردستان و کۆمەڵێك ئەرزشی نوێ و پێشکەوتنخوازانەی پێ بەخشیوە.

بە هەمان شێوە کە بزاڤی ئازادیخوازی کوردستان بە بێ بەشداریی چالاکەنەی ژنان ناتوانێ ڕواڵەتێکی تەواو دێمۆکراتیك، یەکسانی خوازانە و موتەمەدینانەی ئەوڕۆیی بە خۆوە بگرێ، بزاڤی ژنانیش بە بێ پێوەندیەکی قووڵ لەگەڵ بزاڤی ڕوو لە گەشەی خەڵکی ستەم لێکراو، لە بەدەست هێنانی پشتیوانییەکی جەماوەری و پێگەو شوێنی شیاوی خۆی بێبەش دەبێت. ئەم بزاڤە لە هەمان حاڵدا دەبێ بتوانێ بە شێوەیەکی بەربلاو ژنانی زەحمەتکێش و بێبەش و هەژاری کۆمەڵگا بەرەو لای خۆی ڕاکێشێ. دەبێبتوانێ پەنجەرەیەکی بێت کە دنیای تاریك و پڕ لە ستەم و بێبەشیی ئەوان ڕووناك بکاتەوە و مژدەی ڕۆژێکی نوێ بێت بۆیان.

ئێستا کە بەرەوڕووی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن دەچین جارێکیتر پێداگری دەکەینەوە لە سەر سیاسەتەکانی کۆمەڵە لە بەرگری و ماڤ ژنان، بەشداری چالاکانە و بەرینی ئەوان لە ساحەی کۆمەڵایەتی و بەدەست هێنانی پێگەو شوێنی شیاوی ئەواندا. کۆمەڵە کە پێشڕەو و ئاڵاهەڵگری ڕزگاری ژنان کوردستان بووە، توانی نەسڵێك لە ژنانی خوڕاگر، شۆڕشگێڕ و چەپ لە نێو ڕیزەکانی خۆیدا کۆبکاتەوە. نەسڵێك کە بە قارەمانێتی و گیانفیدایی و خۆڕاگری لە گەلێك خۆپیشاندانی گەورە و بچووك دا، لە شەڕی چەکدارانە، لە ئەشکەنجە گاکان و لە بەرامبەر سێدارەکانی دوژمن دا سەربەرز مانەوە و بە شانازییەوە هاتنەدەر. ژنانی کورد و بزاڤەکەیان بە پشت ئەستوور بوون بە وەها ئەرزش گەلێك و، ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە کۆمەڵگای کوردستان دا ڕوو ئەدەن و هەروەها بزاڤی سیاسی بە دژی کۆماری ئیسلامی، پشت بەستوو بە جێگاو شوێنێکی لەبارن و مەجالی باشیان لەبەردەم دایە تا وەکوو هەرچی زیاتر ڕێگای ڕزگاری ژنان لەبارتر بکەن.

لە سەروبەندی ٨ی مارس دا سڵاو دەنێرین بۆ هەموو ژنانی خەباتکار، بۆ ئەو ژنە خۆڕاگرانەی کە لە دوو دەیە ونیوی ڕابردوودا، لە سەردەمی حاکمییەتی ملهوڕی مەزهەبیدا کە دژایەتی لەگەڵ ژن و دڕندەیی بەرامبەر

**به ژنان ناسنامەی سەرەکی ئەم حکوومەتە بوو. ئەو ژنە قارەمانانەی کە لە ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەدا و یەکێك لە سەخت ترین خەباتی جەماوەریدا سەربەرز راوەستان، گیانیان لە دەست دا، بە دیل گیران و یان لە رووی ناچارییەوە رێگای تاراوگەیان گرتە بەر. ژنان و کچانێك کە بە هەڵسووڕانی سیاسی لە هەل و مەرجی نەهێنی دا، خەباتیان کرد، بە دیل گیران و گەلێك دیمەنی پڕ لە بەرخۆدان و ئازایەتییان لە ئەشکەنجەگاکان و لە بەرامبەر جوخەکانی ئیعدام دا خوڵقاند. ژنان و کچانێك کە هەر ئێستا لە سەرانسەری شار و ئاواییەکانی کوردستان، لە ریزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە و لە دەرەوەی وڵات هەوڵ ئەدەن و بزاڤی ژنانیان زیندووتر و بە هێزتر لە هەمیشە راگرتووە، ئاواتی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.**

**پیرۆز بێت ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن**

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**٢٠٠٥ /٣/٦**